گوتتان ئاپۆین!.. جەودەت سەفی

من هەندێ جار پرسیارێک لێ ناخم سەر هەلدەدا. ئایا ئەو کوردەی کە بەوای بە خەی یان بە کورد نەماوە و هەندێک جاریش جوێن بە کورد یاخود بە نیشتمان دەدات لێ ناخی خەیدا مەبەستی چیە و دەیەوێت چیمان پێ بڵێ؟ چونکە ئەو کەسانە زۆرن و بەواش ناکەم هەر هەموویان خەیان دەئاندبێ یان خائین بن یان هەخەڵەتاو بن. بۆگومان ئەو دیاردەیە بە هەموو کوردێك ناخۆش و دڵتەزێن و جێگەی نیگەرانیە. چونکە ئەو کەسانە کوردن و خوشک و برای ئەمن.

من پرسیارێکم لا دروست بووە کە ئایا ئەو گەئانکاریانەی کە بەسەر هەست و بۆچوون و بەکار هێنانی وشەدا هاتووە لە لایەن زۆر تاکی کوردی کوردستانی خواروودا کە جۆرێك لە هەشبینی و ناباوەی پێیوە دیارە، ئایا بریتی نیە لە سەرەتای پرسەی ئاپۆینێکی ئاشتیانەی کەمایەتی بۆرامبەر بە وزەیک کە هەر هەموومان لێی نیگەرانین؟

بەڵام هەروەکو هەموو لایەک دەزانن کە زۆربەی تاکی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەندێشە دا هەڵسوکەوت دەکات نەوەک بە بیر کردنەوە و هەڵسەنگاندن. چونکە هەروەك و پسیکەنالیزی کورد کاك پۆڵا سەعید لە قیدیەکانی دا لە یووتوب لە ژێر ناوو نیشانی (ئایا تاکی کورد نەخۆشە؟) دا شی کردەتەوە، کورد بە دەربرینی تووەیی خەیان لە سیستەمەکە هەندێکیان جوێن دەدەن نەك تەنها بە حیزبەکان و سەرکردەکان و حکومەتی هەرێم، بەکو جوێن بە کورد و بە کوردایاتی و بە کوردستانیش دەدەن. بۆگومان ئەو جوێندانە ەنگە بە شێوەیەکی کاتی پاەپەستێی کەفوکۆی تووەییان هەور بکاتەوە، بەڵام ئایا من بڕم هەیە کە حوکمی ئەوە بدەم کە ئەو جۆرە کاسانە ئیتر کورد نین و خائینن؟

یاخود ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەربڕی جووەیەکی پێ لە ژانی کەمەایەتین کە لە کوردستانی خواروو دا تاك پێوەی دەناڵێنێ؟

کام جووە؟
لە ڕوانگەی سەسیۆلۆژیەوە هەموو پرسێیکی گەئانکاریی تاقە کەسی یان کەمەیی بەسەر سێ قۆناغ دا تێدەپەڕێ کە بریتین لە: 1- قۆناغی بنیات نان، ٢- قۆناغی ڕووخاندن، ٣- قۆناغی دووبارە بنیاتنانەوە.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بە تاک و حیزب و حکومەت و دەزگاو دامەزراوەکانی ناحکومیەوە، بگومان لە ژێر کاریگەری دەوروبەر و جیهان دا جۆرێك لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان بنیات نا، کە کێشەو سەرەای دەستکەوتەکان، کەم کێس لێی ڕازیە. بۆیە ڕەنگە خەڵکی کوردستان ئێستا بەبێ ئەوەی هەستیان پێکردبێ بە قەناغی دوەمی پرسەی گۆڕانکاری دا تێبپەڕن کە بریتیە لە ڕووخاندنی ئەو سیستەمە فیکریە کە هەموو خەڵک لێی ناڕازین، بەبێ ئەوەی بیانەوێ یان هەوڵ بدەن بۆ ڕووخاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. چونکە من پێم وایە کە خەڵکی لە ناخی دڵی خۆیانەوە نایانەوێ قەوارەکە نەمێنێت. بەڵکو دەیانەوێ بگۆڕێت.

هەڵبەتە قەناغی ڕووخاندنس کۆمەڵایەتی قەناخێکی یەکجار سەخت و دژوار ولە ڕووی دەروونیەوە پڕ لە دژایەتیە. بەڵام قەناغێکە کە پێویستە و بە ناچاری هەر دەبێ پێیدا تێپەڕین پێش دووبارە بنیات نانەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا قەناغێکە کە پڕ لە موجازەفەیە بە تایبەتی بۆ کورد. چونکە لەو قەناغەدا خەڵکی ئاسایی ناڕازایەتی دەردەبڕن بۆ بۆ ئەوەی هەست بکەن کە خەریکی ڕووخاندنی شتێکن کە خۆیان و بۆ خۆیان بنیاتیان ناوەو هیواس دەیان ساڵەیان بووە.
لە لایەکی تریشەوە ئاگاداری ئەوەیان هەر نیە کە دووژمنان و ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە دەتوانن و دەیانەوێ ئەو هەڵە بقۆزنەوە و پێش ئەوەی بڕەو قەناغی سێیەم بڕن کە دووبارە بنیاتنانەوەیە، ئەوا بڕەو ڕووخانی یەکجارەکی دەبڕن بە بڕاو کردنەوەی چەندین قایرەسی کوشندە وەکوو بڕەکەی گۆڕانەوە سەر بۆغدا و هتد.

بۆیە من پرسیارێک لە ناخم دا سەرهەڵدەدا ئەویش ئەویە کە ئایا حیزب و حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و خەڵکانی ڕۆشنبیری کورد لەو قەناغە هەستیارەدا دەبێ چۆن بیر بکەینەوە و چۆن خەمان یەک بخەین و چ هەنگاوێکی حەکیمانە بنێین بۆ ئەوەی ئەو قەناغە ناسک و ئاڵۆزە بە ئارامی بەسەر ببەین و بەرەو قەناغی دووبارە بنیات نانەوە بڕۆین؟ چۆن هەر هەموو لایەکان بۆیەکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەسەر بردن و بەڕێوەبردنی ئەو قەناغە ببین بە بۆ ئەوەی پێنجەی خائین درێژ بکەین بۆ هەر تاکێک کە تووڕەیی و ناڕەحەتی خەڵکی دەربڕی؟

لە بیرمان نەچێ کە ئەمە ئێستا بە قەناخی ڕووخاندن دا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بگەینە قەناغی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی

بیرکردنەوە، ئەوا دەبێ زۆر بە هۆشیاری و نەرمی و حەکیمانە بەرامبەر بە وی تر معامەلە بکەین و بە تایبەتی زۆر زۆر هۆشیار بین لە دووژمنانی کورد کە وەك و گورگ خۆیان ئامادە کردوە و چنگ و کەبەکانیان لە جاران تیژ تر کردووە بۆ هەخسانی هەر فرسەتێك بۆ لەناو بردنی ئەو قەوارە کوردستانیەی کە هیوای هە موو گەلی کوردستانە بە هەر چوار پارچەکەیەوە. چونکە ئەگەر زۆر هۆشیار نەبین لەوەی کە ئێمە لەبەردەم ترسناکیەکی زۆر گەورە داین لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری داو لە لایەکی دیکەشەوە دووژمنانی کورد لە هەموو لایەکەوە خەریکی بەلادا بردنی ئەو پرسیارەن کە دەماوەت دووبارە بنیاتی بنێنەوە، ئەوا دووژمنان هەموو تواناکانی خۆیان خستەتە کار بۆ بەکار هێنانی پسپۆری بواری جیاجیاکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری!

ئیتر کاتی ئەوەهاتووە یان نا کە ئیتر هەر هەموومان ئەو پسپۆرە لە ناخمان و لەناومان دا وەلا بنێین کە چەندەها ساڵە بەکاری دەهێنین بۆ شکاندنی یەکتر، کە بریتیە لە پسپۆری چاندنی تۆوی نەبوونی متمانە و ترس و ڕق و کینە لە یەکتر؟

من لەو باوەڕەدام، کورد کە خاوەنی گەورە ترین شارستانیەکانی وەکو هوری و گۆتی و لولوبی وکاشی و سۆمەری ومیتانی و ئیمپراتۆری میدیەکان و دەیان میر نشینەکان و فەرهەنگ و سەروەری و مێژوو و ئەفسانە و بەسەرهات و سەدان تەجروبەیین و خاوەنی هەزاران کەسی بە ئەمەکی ئەو خاکەن، هەم توانای یەکبوونمان هەیە و هەم دەمانەوێ. کەواتە ئیترئایا چۆن کاری لەسەر بکەین؟

جەودەت سۆفی